www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 11:26 26-2-2006

# کێشە یاساییەکانی پاشماوەکانی ئەنفال و قەرە بوو کردنەوەی ئەنفالکراوەکان لە دیدی (پارێزەر فەرهاد حاتەم) دەوە

چاوپێکەوتنی: مەجید ساڵح



پەلامارەکانی ئەنفال لە پاش خۆی جگە لە کۆمەڵێك ماڵوێرانی وکۆست و خەڵکی بێدەرەتان، چەندین کێشەی یاسایی بە جێهێشتوە کە رۆژ لە دوای رۆژ دەرهاویشتەی تری لێدەکەوێتەوە، بەداخەوە وتاکو ئێستاش پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیار ویاسای گونجاویان بۆ بنبڕکردنی ئەو کێشە یاساییانە دەر نەکردوە. بۆ زانینی ئەو کێشە یاسایانە بە باشمان زانی لەم ژمارە تایبەتەدا چاومان بکەوێت بە یاساناس فەرهاد حاتم کە ساڵانێکە لە دادگاکانی گەرمیاندا وەك کەسێکی خۆبەخش لە رووی یاساییەوە هاوکاری کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دەکات وئێستاش جگە لەوەی بەرپرسی مافی مرۆڤە لە مەڵبەندی گەرمیان، سەرقاڵی بەدەست هێنانی بڕوانامەیە لە سەر ئەوکێشە یاسایانەی کەرووبەرووی بەجێماوانی ئەنفالەکان دەبنەوە. کاك فەرهاد وەکو خۆی دەڵێت گەر دە ژمارەی تایبەت بۆ ئەو کێشە یاسایانە دەر بکەیت هێشتا لەوانەیە بەش نەکات بۆیە بە کورتی لەو بوارەوەدا ووتی:

- سەرەکی ترین کێشەی ئەوەیە کە زۆربەی ژن ومێردەکانی بەجێماوی ئەنفال لە بەر ئەوەی کاتی خۆی لە ناوچە رزگارکراوەکاندا بوون بۆیە زەواجەکانیان لە دەرەوەی دادگا کراوە ولە فەرمانگەکانی باری کەسێتی تاکو ئێستاش بە سەڵت تۆمارکراوون. ئەمەش گیروگرفتێکی گەورەی یاسایی بۆ خوڵقاندووین، بە تایبەت بۆ ئەو کوڕوکچانەی کە بەر شاڵاوی ئەنفال نەکەوتوون. چونکە ئەوانەش ناویان تۆمار نییە لە سەر دایك وباوکیان، هی وایان هەیە ناویان لە سەر مام وکەس وکاری دایك وباوکیان تۆمارکراوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەبێت کەس وکاریان پێش هەموو شتێك داوایەك تۆمار بکات کە تێدا لە رێگەی دوو شایەتەوە بیسەلمێنێت کە لە ساڵانی هەشتاکاندا باوك ودایکی ئەو منداڵانە لە دەرەوەی دادگا زەواجیان کردوە. لە هەمانکاتدا دەبێت بڕی شیربایی ومارەییەکەیان دیاری بکەن. پاشان بیسەلمێنێت کە ئەو ژن ومێردە



چەند منداڵیان هەبووە وناوو کاتی لە دایك بوونیان تۆمار بکەن. دواتر بڕیاری یاسایی دەرچێت بۆ ئەوەی فەرمانگەی باری شارستانی ناوەکانیان لای خۆی تۆمار بکات. وخانەیەك بە ناوی خانەوادەکەیان بکرێتەوە. لە کۆتاییشدا شناسنامەی باری شارستانی بدرێت بە منداڵەکانیان. ئەبێت لە هەمان داواوا وەفات نامە بۆ مردووەکان وبێسەروو

شوێنەكان دەربكرێت وتۆمار بكرێت. یان دەبێت لە ڕێگەی داوایەكی ترەوەبە بەڵگەی مردن بۆیان بكرێت وبەڕێوەبەرایەتی ئەنفال پشگیری ئەنفالیان بۆ بكات.
ئێمە وەك لیژنەی مافی مرۆڤی گەرمیان مانگانە دەیان كێشەی لەو جۆرەمان چارەسەركردوە، لە ڕێگەی خۆمانەوە وەك پارێزەری كەس وكاری ئەنفالكراوەكان كارمان كردوە. جێگەی خۆیەتی هەردوو دادوەر بەرێزان ئەحمەد جلیل وحوسێن محێدین هاوكارییەكی دڵسۆزانەی ئەو خەڵكە دەكەن بە جۆرێك ئەگەر هاوكاری ئەوان نەبێت كێشەكان زۆر ئاڵۆزتر دەبن. چونكە هەندێك منداڵی لە ئەنفال دەرباز بوو كاتی خۆی لە ترسی رژێم كراونەتە منداڵی خزمەكانیان، ئەمەش بە پێی یاسای باری شارستانی تاوانە.
بەڵام ئەو دوو بەرێزە لە بەر هەستیاری وەزعەكەو بۆ بەرژەوەندی كەس وكاری ئەنفالكراوەكان چاوپۆشی لە خاڵە دەكەن و مامەڵەكانیان بەڕێ دەكەن. لە حەقیقەتیشدا ناكرێت یەكێك حوكوم بدرێت لە بەر ئەوەی منداڵێكی لە ئەنفال رزگاركردوە، بەڵام هەم سەیرەو هەم جیگەی داخە فەرمانگەكانی باری شارستانی داوای جێبەجێكردنی ئەو ئەو یاسایە دەكەن بۆ حوكم دانی ئەو كەسانە. بیانوەكەشیان جێبەجێكردنی یاسایە؟!
ئەوانە لە لایەك، لە لایەكی ترەوە خەڵكەكە هیچ هۆشیارییەكی یاساییان نییە. ئەوەش گەورەترین كێشەیە. بۆیە من لێرەدا پێشنیار دەكەم وەزارەتی مافی مرۆڤ وئاوارە و ئەنفال لە ڕێگەی بەرێوەبەرایەتی یەكانیەوە هەستن بە راپەڕاندنی ئەو ئەركە. لە بری ئەوان چەند پارێزەرێك دەست نیشان بكەن بۆ ئەو مەبەستە. داواش لە كەس وكاری ئەنفالكراوەكان بكرێت، كێشە یاساییەكانیان ببەن بۆ لای ئەو پارێزەرانە، چونكە هەر كێشەیەك دوو تا سی مانگ دەخایەنێت. خۆتان دەزانن لە ئەنفال بە جێماوەكانیش لە رووی داراییەوە دەست كورتن.
* كاك فەرهاد وەك دەزانن ماوەیەكی ترسەدام وعەلی كیمیاوی و ئەنفالچییەكانی تربە هۆی پەلامارەكانی و ئەنفالەوە دادگایی دەكرێن، وەكو ئێمەش دەزانین لە كوردستانەوە تەنیا 100 كەس لەكەس وكاری قوربانیانی ئەنفال لەو دادگاییەدا وەك شایەت و وەك شكاتكەر بەشداری دەكەن، پێدەچێت لە كاتی قەرەبوو كردنەوەشدا هەر ئەو سەدكەسە سود مەندبن لەو برە پارەیەی كە وەك قەرەبوو دەدرێت بەوان، ئایا ڕێگە یاساییەكە چییە بۆ ئەوەی هەموو قوربانیانی ئەنفال قەرەبوو بكرێنەوە؟
- خۆی دیارە بە پێی ئەمری ژمارە 48 كە لە لایەن دەسەڵاتی كاتی عیراقەوە دەرچووە لە 10كانوونی یەكەمی 2003 لەویدا بڕیاردرا بە دەركردنی یاسای ژمارە (1) ی ساڵی2003 كە تایبەتە بە دامەزراندنی دادگای تاوانكاری عیراقی تایبەت بە تاوانەكانی دژبە مرۆڤایەتی. لە بەندی یەكەمی ئەو یاسایەدا باس لە دەسەڵاتەكانی ئەو دادگایە دەكات. لەویدا باس لە هەموو ئەو تاوانانەكراوە كە لە17 تەموزی 1968 تا 2003/5/1 ئەنجامدراون، ئەو تاوانانەش لە بەندەكانی (11، 12، 13، 14) دەست نیشانكراوون و بریتین لە تاوانی لەناوبردنی بە كۆمەڵ، تاوانی دژبە مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ، هەریەك لەو تاوانانە چەندین لقو پۆپی لە خۆ گرتوە. بە پێی مادەی حەوت دادگا هەڵدەستێت بە دامەزراندنی چەند دادگایەكی تربۆ لێكۆڵینەوە لەو تاوانانە لە هەموو شوێنەكان. بەڵام جێگە داخە گەرمیان كە سەرچاوەی سەرەكی تاوانەكانی رژێمی پێشووە، من وەك پارێزەرێك رۆژێك نەمبیست دادوەرێك یان هەركەسێك لەم سنوورە سكاڵایەك لە خەڵك وەرگرێت. هەر بۆیە سەرجەمی سكاڵاكانی دۆسێی ئەنفال نگاتە 1500 سكاڵا، لە كاتێكدا لە ئەنفالەكاندا بە قسەی حەسەن عەلی ئەلمەجید زیاتر لە 100هەزار كەس لە ناوبراوون.

ئەو زۆریەش بوەتە هۆی ئەوەی تەنیا ژمارەیەكی كەمی سكالا وەر بگیرێت. جیگەی ئاماژەیە كە ئەم دادگایە تەنیا دادگای تاوانەو باس لەقەرەبوو كردنەوە ناكات. سەبارەت بە مافی قەرەبوو كردنەوەش، دیارە ئەو كەسانەی كە سكالایان تۆماركردوە ئەگەر دادگا بڕیاری حوكم دانی ئەو كەسانەی دەركرد كە لە تاوانی ئەنفالدا بەشدارییان كردوە، مافی ئەوەش دەدات بە خاوەن سكالاكان لە بەردەم دادگا داوای قەرەبووكرنەوەش بكەن.

بەلام بە نسبەت ئەوانەی داوایان بۆ تۆمار نەكراوە، بە رای من پاش حوكمدانی ئەنفالچیەكان پرۆژەی یاسایەك بدرێت بە پەرلەمانی عیراق بۆ ئەوەی یاسایەك دەربكات بۆ قەرەبوو كردنەوەی هەموو ئەوانەی لە ئەنفالەكاندا تووشی زەرەرو زیان هاتوون. چونكە ئەگەر بە شێوەی تاك تاك و رۆتینی ئسولی سكالا بەرزكرێتەوە، ئەوا بە چەندین سال كۆتایی پێ نایەت. هەرچەندە بە پێی یاسای ژمارە 40ی سالی 1951 هەركەسێك زیانبگەیەنێت بەكەسێك دەبێت قەربووی بكاتەوە بەپێی مادەی 202 و 204 و 205 و 186 و 187 و 188. بۆیە من هیوادارم پەرلەمانتارەكانی كورد لە بەغدا وپەرلەمانی كوردستان بیر بكەنەوە لە دانانی پرۆژەیەكی وا كە هیچ كەسێك بیبەش نەبێت لە مافی قەرەبووكرنەوەی مادی ومەعنەوەی.